کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
25-6-2007 13:35بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## دیالۆگ لەگەڵ تورکیا... سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لە ساڵێکی تەموومژاوی تورکیدا ... خەسرەو پیربال



بۆ کوردەکان ساڵی 2007 ساڵی ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ تورکیا، ڕووبەڕووبونەوەیە لەگەڵ عەقڵیەتێکی تەواو جیاواز وبەرهەمی ساڵانێکی دووروودرێژی توندوتیژی و عەسکەرتاری جمهوریەتی عەسکەری مستەفا ئەتاتوورک لە تورکیا، وە ئەو هەڕەشەو نائارامییەی ئێستاکەی نێوان ئەنقەرەو هەولێر سەرەتای کۆتایی بەدحاڵیبوونێکی مێژوویی گەورەیە.

ئێستاکە لەسەرجەم ناوەندەکانی سیاسی و عەسکەری و ڕاگەیاندنی تورکیا، پرسی هەڕەشەی سوپای تورک بۆسەر خاکی کوردستان لەسەرووی هەموو مەسەلەیەکی تردایە، لەچەند لایەکیشەوە دەبابە و لەشکر و جەندرمەکانی توورک لەهەوڵی بەزاندنی سنووری کوردستانن و بەداخەوە، تۆپبارانی چەند ناوچەیەکی سنووریشیان کردووە، بەڵام تاوەکوو ئێستا هەولێر، ڕەچاوی پەیوەندی و barوودۆخی ناوخۆی تورکیا و مەسەلەی هەڵبژاردنەکانی نێوخۆی ئەو وڵاتەیان ڕەچاوکردووە، لەهەوڵی دۆزینەوەی چارەسەری سیاسی و دیالۆگە لەگەڵ حکومەتی ئەنقەرە..

پێشینەی مێژوویی:

دەبێت لەدیوی تورکیا و بە چاوی تورکێکەوە سەیری ئەم کێشەیە بکەین و پێشتریش باش هەقیقەتێکی مێژوویی هەیە لەبەرچاومانداب‌ێت، ئەویش ئەوەیە کە پاش جەنگی جیهانی یەکەم، مستەفا کەماڵ ئەتاتوورک، سووپایەکی بەهێزی توورکی درووستکرد و بە گرۆهێزێکی زۆرەوە دەوڵەتی تورکیای درووست کردووە، ئەو کۆمارەی ئێستا بەرهەمی کەماڵ ئەتاتوورک سووپایەکەیەتی، لەبەر ئەوەشە دەسەڵاتی عەسکەری، خۆیان بە حاکم و خاوەنی ئەو وڵاتە دەزانن، موومکین نیە، هیچ لایان و کەسایەتی و حیزبێکی سیاسی تر لەخۆیان شایستەتر ببینن لە بڕیاڕدان لەسەر هەر مەسەلەیەکی چارەنووسساز دەربارەی میللەت و خاکی کۆماری تورکیا.

لەئاستی کوردستاندا چی بکرێت باشە؟ ئەلتەرناتیف چیە؟

پێش هەموو شتێك دەبێت ئێمە لەدوو ئاستی جیدا کار و خەبات بکەن بۆ ڕووبەڕوبونەوەمان لەگەڵ ئەو ڕووداوە، لەئاستی ناوەخۆدا، وە بەهاوکاری دەزگاکانی ڕاگەیاندن و حیزبی و سەربازی، لە ئامادەگی و هوشیاریدابین و بزانین وڵاتی ئێمە ڕووبەڕوی مەترسی دەبێتەوە.

کەمتەرخەمی دەزگای ڕاگەیاندنی کوردستان:

هەروەها لەئاستی تریش نووسەر و ڕۆشنبیرانمان کاری جیدی بکەن بەهاوکاری لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی عیراق و کوردستان، کار بۆ هووشیارکردنەوەی لایانی ئەوبەر بکەن واتە لایانی میللەت و دەسەڵاتی سیاسی تورکەکان، ئەم کارەش بە هەقیقەت بەو شێوازە ناکامڵ و سەقەتەی ئێستای دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردستان ناکرێت، دەبێت هەر ئێستا کەناڵێك یان بەرنامەی تورکی لە تەلەفیزیۆن و سەتەلایتەکانی کوردی بکرێنەوە (بەتایبەتی لە کوردسات و کوردستان تیڤی زاگرۆس) ،

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

مخابن، تاوەکوو ئێستا گرینگی نەدراوە بە بەشی تووركی و ئینگلیزی لە كەناڵەكانی ڕاگەیاندنماندا، بەتایبەتی لە تەلەفیزیۆندا، تاوەکوو ئێستا ئێمە قسە بە زمانی كوردی و وە بۆخۆمان دەكەین، ئەوانەی بەزمانی ئینگلیزی و تووركی دەربارەی كێشەی كورد و توركیا دەنووسن و قسەدەكەن، هەر نین و بوونیان نەبووە، دەبێت هەرچی زووە گرینگی بەو مەسەلەیە بدری و كەسایەتی شارەزا و توركی زان و پسپۆڕ لەبواری ڕاگەیاندن دەست بەكاربن وخزمەت بە پڕۆسەی دیالۆگی نیۆن كوردستان و توركیادا بكەن و ڕاستەوخۆ لە كوردستانەوە بە زمانی بێگانە هەواڵ و مەسەلە چارەنووسسازەكانمان بگەیننە نێو ماڵی هەموو هاولاتیەكی توركیا، نەوەكوو ئەوەی ئێستا هەیە، چوونكە تاوەکوو ئێستا هەواڵەكانی كوردستان لەسەر زاری چەند خۆفرۆشێكی جەبهەی توركومانی دەگاتە توركیا و سەرچاوەی خراپیان هەیە لەسەر ئەزموونی دیموكراسی كوردستان و سەركردایەتی سیاسی و میللەتی كوردستان.

كاركردن لەسەر پەرەپێدانی ئابووری كوردستان و توركیا:

دیارە كاتێك باس لە مەسەلەی ڕاگەیاندن دەكەین، باس لە ڕاگەیاندنی ئابووریش دەكەین، دەبێت ئێمە ستافێكی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسی پڕۆفیشیۆناڵمان هەبێت بۆ گرینگیدان بە لایانە ئابووریەكانی كوردستان، كار بكەن لەسەر گرینگی و پەرەپێدانی بەرژەوەندی كۆمپانیا و كەسایەتی و سەرمایەی توركیا و كوردستان، وەكوو دوو ولات و دوو ئابووری تێكهەڵكێشراو و بەشدار لە پڕۆسەی پەرەپێدانی ئابووری ناوچەكەدا.

دارشتنی سیاسەتی گشتی لەلایان سەرۆكی كوردستانەوە:

كاتێك جەنابیمەسعوود بارزانی، سەرۆكی هەرێمی كوردستان دەڵێت: (كێشەی توركیا نە پەكەكەیە و نە كەركووكە، گرفتی توركیا میللەتی كوردە) ئەم ئاخاوتنە نەوەكوو تەنها بۆ ئەوەی خۆمان سازبكەین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی عەسكەری لەگەڵ تووركیادا، بەڵكوو ئەوە دارشتنی تۆپ پۆڵەسیە (سیاسەتی گشتی ولاتە) ، ئێمە دەبێت لە سەر ووردەكاریەكانی ئەو دەستنیشانكردنەو ئەو شیكردنەوەی سەرۆك بارزانی ووردبینەوە ولە ناوەندە سیاسی و ئەكادیمیەكان و دەزگاكانی ڕاگەیاندنی كوردستان كاری لەسەر بكەین، كاری سەركردایەتی هەرێم تەنها نەخشەكێانی سیاسەتە گشتیەكانە و بەس، دەبێت لەخوارەوە كارێكی زۆری لەسەر بكرێت، مەبەست لێرەدا، كاركردنە بەئاراستەیەك كە ئەو تێڕوانین و سیاسەتە هەڵەیەی توركیا بگۆڕین و لە پڕۆسەیەكی سیاسی و دیموكراسی كاریگەر بین لەسەر ڕەووتی گۆڕانكاریە دیموكراسیەكانی نێوخۆی توركیا و بەشداربوونمان هەبێت لە ڕێگای كەناڵە دیموكراتخوازەكانی سیاسەتی توركیا.

ئێمە لە كوردستان، لە سی بواری ئیستراتیجی دەبێت كار لەسەر بەرەو پێشەوەبردنی پڕۆسەی دیالۆگ بكەین لەنێوان كورد و توركیادا:

خاڵی لاوازی ئێمە لەئاستی ڕاگەیاندن و كاری دیبلۆماسیدایە، دەبێت تەكانێك بەو دوو بووارەدا بدرێت. سەركردایەتی سیاسی و حكومەتی هەرێمی كوردستان، كار بكەن بە ئاراستەی بەنێودەوڵەتیكردنی مەسەلەی هەڕەشەكانی توركیا بۆ خاكی كوردستان، جگە لەوەی ئێمە هاپەیمانین لەگەڵ ئەمریكا دەبێت كاربكەین بۆ بەعیراقیكردنی ئەم كێشەیەمان لەگەڵ ئەنقەرە، چوونكە ئەمە هێرشكردنە بۆسەر خاكی عیراقی فیدراڵ، هەروەها یەكیەتی ئەوروپا، بەرپرسیاریەتیەكی ئەخلاقی گەورەی هەیە لەگەڵ كێشەی میللەتی كوردستان، بەتایبەتی مەسەلەی بەئەندامبونی توركیا لە یەكێتی ئەوروپا مەترەح كراوە، وە لەئاستی نێودەوڵەتیشدا، دەبێت زیاتر كاربكەین كە ڕێكخراوەی نەتەوە یەكگرتووەكان بێنە ناو كێشەكە و بوونیان بەهێزتر بكرێ لە كوردستان.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
25-6-2007 13:35بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتی ئەوروپا ئەکتیف بکەین و لیژنەی تایبەت دروستبکرێت بۆ لێکۆڵینەوە و سازدانی کۆبونەوە و سیمینار لە ئاستی ئەوروپادا، هەروەها لە پایتەختەکانی ئەوروپادا، چالاکتر لەسەر پرسە نەتەوەییەکانی خۆمان هەڵوەستە بکەین و کەسایەتی لێوەشاوە و دیلۆماتکار و پسپۆڕ لە کاری پەیوەندیەکانی دەرەوە کار لەسەر ئەو مەلەفە بکەن.
لەوانەیە هیچ هێزێکی بیانی لە عیراق و ناوچەکە نەمێنێتەوە، بەلأم پەیوەندی نێوان کوردستان و میللەتانی تری ناوچەکە بۆ هەتا هەتا بە زیندوویی دەمێننەوە، دەبێت پردی دیالۆگ دروستبکرێن لەنێوان ئێمە و تورکیادا، وە لێرەشدا سەرکردایەتی سیاسی کوردستان، زۆر هێمنانە و دیبلۆماسیانە وە بە زمانی سیاسی و سەردەمیانە وەلأمی هەڕەشەکانی تورکیایای داوەتەوە، زۆریش ژیرانە سیاسەت دەکات، پێموابێت لەسەر هەر یەك لەمەسەلەکانی چەکدارانی پەکەکە بیری نەوتەکەکانی کوردستان، نەوەکوو بە زمانی هەڕەشە و توندووتیژی، لەگەڵ حکومەتی تورکیادا، وەلە دیلۆگییێکی سەردەمیانە هەموو مەسەلەکان باس بکرێن و گیرووگرفتەکانی تورکیا چارەسەر بکرێن.
بۆ مێژووش، کوردەکانی عیراق نەوەکوو ئەرکی بە دیموکراسیکردنی عیراق و لەناوبردنی دیکتاتۆرێکی دڕەندەیان لەئەستۆدابووە، بەڵکوو ئەرکی چەسپاندنی دیموکراسی و ئاشتی و دیالۆگی نێوان میللەتانی ناوچەی ڕۆژهەلأتی ناوەڕاستیان لەسەر شان بووە، زۆر زیرەك لێوەوشاوە سیاسەت دەکەن و بەشدارن لە پرۆسەی بە دیموکراتیزەبوونی کۆمەڵگای ئەو ڕۆژهەلأتە پڕ ئاژاوەیەدا
کوردستان و تورکیا دوو وڵاتی هاوسێی و خزمی یەکترن و، دووکولتووری نزیك و مێژووی هاوبەشیان هەیە، زۆرن ئەو بەرژەوەندی و مەسەلانەی لە نێوان میللەتانی کورد و تورکیادا هەن، پێویستی بەوە دەکات، لە پرۆسەیەکی سیاسی و دیالۆگێکی شارستانیدا، کار بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك بکرێت و تورکیا و سیاسەتمەدارانی بە چاوێکی واقیعی دونیا ببینن و مێژوو بخوێننەوە.

خەسرەو پیربال
Pirbal@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.